# وەڵامێکی کورت به عارف تەیفور و عبداللەی حاجی مەحمود سەبارەت بە هەڵبژاردن



سامان ئەحمەد

دیمانەکەی 13 ی مانگی عارف تەیفور و عبداللەی حاجی مەحمود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و حزبی سۆشیالیست لە سایتی پەیامنێردا ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر هاتنە مەیدان و خۆنیشاندانی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەنگی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە کە نایانەوێ چارەنووسی خۆیان بە هەڵبژاردنی ساختەی عێراقەوە گرێ بدەن و داوای سازدانی ڕیفراندۆمێکی گشتی خەڵکی کوردستان دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان. ئەوان لەم هاتنەمەیدانەی دەنگ و خواستی خەڵکی کوردستان نیگەرانن چونکە خۆیان و حزبەکانیان ئاغا ئاسا خۆیان کردووە بە دەمڕاست و بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە دەیانەوێ بۆ چەند کورسییەکی حزبەکانیان خەڵکی کوردستان بەدوور لە خواستی خۆیان پەلکێش بکەنەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئیسلامی و قەومی و عەشایەری لە عێراقدا ، جارێکی تر و بۆ دەورەیەکی دەیان ساڵی تر لە بۆتە و دڵەڕاوکێ ی کێشە و شەڕی قەومی دا ڕایان بگرن .

عارف تەیفور دەڵێ : ( هەندێ خوێندەواری تازە پێگەشتوو کە بە ئەفکاری سەرلێشێواویەوە هاتوونەتە مەیدانەوە و هانی خەڵك دەدەن نەچن بۆ دەنگدان و خۆشیان بەرنامەیەکیان پێ نیە کە بەدیل بێت ). ئایا دەنگدانی گشتی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ڕێگایەکی تر نی یە و سەرلێشێواوی یە ؟ بەڵام پەلکێشکردنی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەمڕۆی عێراق و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستانەی قەوم و قەبیلە و مەزهەب و عەشیرەتەکان کە هەریەکەیان چەقۆ لەوی تر دەسوێ ڕێگایەکی دروستە ؟ یان ڕاستی یەکەی ئەوەیە خۆتان ئەهل و حزبی دامەزراندنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نین و دەست لە کوێخایەتی کردنی خەڵکی کوردستانیش هەڵناگرن هەر ڕۆژەی بۆ بەرژەوەندی حزبەکانتان بە دار و بەردێکیاندا دەدەن . ئەوەی ڕێگایەکی تریش بخاتە بەردەم خەڵکی کوردستانەوە بە سەرلێشێواویان لە قەڵەم دەدەن .

عبداللەی حاجی مەحمودیش کە ئیمکانە دوای بگرەو بەردەی زۆر یەکێتی و پارتی چەند کورسی یەکیان بۆ عەشیرەتەکەیان پێ دابن ، ئەوەندە توندە لەسەر هەڵبژاردن هەڕەشەی سەندنەوەی مافی نیشتەجێ بوونیش لەو خەڵکانە دەکات کە بەشداری هەڵبژاردن نابن و دەڵێ : (.ئەو هاووڵاتیەشی کە هەر دەنگ نادات .. هەق نیە لە کوردستان بژی) . ئەم توندیەی حزبی سۆشیالیست هەر بۆ خۆیان باش نی یە ، چونکە جگە لەوەی هەڵوێستێکی گاڵتەجاڕانە و سەرکوتگەرانەی هەڵبژاردنە و ناوەرۆکی پوچ و کۆنەپەرستانە و دژی دیموکراسی ئەم هەڵبژاردنە بەیان دەکات ، هاوکات نەکا سبەینێ لەو بەشەی کە دەعدیان پێ دراوە کەمتریان پێ بدەن و خۆیان پشت لە هەڵبژاردن و پەرلەمان بکەن .